www.kurdistannet.org
12-4-2003 0:45

# کۆمەڵگای عیراق لەبەردەم سیناریۆیەکی ڕەشی سیاسەتی ئەمریکاو نۆکەرەکانیدایە!

abdollamahmud@yahoo.com

**عبدالله مەحمود**

لە چوارچێوەی نەخشەو سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکادا بۆ لابردنی کۆسپەکانی بەردەم نەزمی نۆی ی جێنەکەوتوی دنیا، کە ریشەی لە ماهیەتی دژی ئینسانی "نەزمی نۆی" دایە، رژیمی فاشستی بەعس لە دەسەلات خرا.

کەوتنی ئەم رژیمە، لەجەرگەی داسەپاندنی جەنگێکی دژی ئینسانیدا بەسەر خەلکی عیراق و ناوچەکەدا، بۆ هەر چاودێریکی سیاسی و سەربازی تەنانەت بۆ کەسی ئاسایش چاوەروانکراو بوو.

لەدەسەلات کەوتنی ئەم رژیمە درندەیە، یەکیك لە ئاوات و ئارەزوەکانی خەلکی عیراق بووە لەرۆژی هاتنە سەرکاریەوە، ئەوەی کە بوە پشت وپەنای هاتنە سەرکاری ئەم رژیمە، ئەوەی کە ئەم رژیمەی رۆژ بەرۆژ بەهێزکرد، پرچەکی کرد، پەردە پۆشی تاوانەکانی کرد، لەپالیا وەستا بۆسەرکوتی هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو هەق خوازانە، راستەو خۆ و بە پلەی یەکەم ئەمریکاو غەرب بوو.

هێنانە سەرکاری رژیمی فاشستی بەعس و بەهێزکردن و پرچەککردنی لە چوار چیوەیەی مێژوویەکی دیاریکراوی دنیای دوو قوتبیدا، بۆ شەری ئازادیخوازی ورادیکالیزم بوو. لەوەش واوەتر ئەگەر پشتیوانی ئەمریکاو غەرب لە رژێمی بەعس و پرچەکردنی لەلایەك و وەستانەوە بەرِوی خەباتی حەقخوازانەی خەڵك و پێشێلکردنی ئیرادەی راستەوخۆیان لەلایەن ئەمریکاو غەرب و نۆکەرەکانیان لەلایەکی ترەوە نەبوایە، بێگومان خەڵکی عێراق بەراپەرینی جەماوەری خۆیان ئەم رژێمە هارەیان لە دەسەلآت ئەکێشایە خوارەوە. بۆیە لەدەسەلآت کەوتنی رژێمی فاشستی بەعس لە چوارچێوەو هەوڵی ئەمریکا بۆ جێخستنی نەزمێکی دژی بەشەری لەسەراسەری دنیادا، هەرگیز ناتوانرێ وەکو هەنگاوێك بۆرزگارکردنی خەڵکی عێراق ودنیا لەدیکتاتۆریەت تەماشا بکرێت. ئەوانەی لە چوارچێوەی داسەپاندنی بەربەریەتی نەزمی نوێدا کە ئەمریکا بەدواوەیەتی و ئەیانەوێ لە گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا بە کەوتنی دیکتاتۆرێك جەژن بگرن، هەڵپەرکێ سازبکەن، پێبزانن یان نەزانن، پەنجە مۆر ئەدەن لە دیکتاتۆریەتێکی جیهانی، لە تێرۆریزمێکی جیهانی، لەوەحشیگەریەکی جیهانی، کە دەبێت دنیا بۆدەورەیەکی تر شاهیدی تاوانکاری و کوشتارو بێماڤ هەمەلایەنەی زیاتربێت، شاهیدی دەسەلآتی دیکتاتۆرەکانی گۆی لەمستی ئەمریکاو نەزمەکەی بێت.

ئەمریکا بەدوای وەرێخستنی سیناریۆیەکی ڕەشی ئەم سەردەمەوەیە، سیناریۆیەك کە جغرافیای کوشتارو سەقەتکردنی دەیان هەزار ئینسان بە مەرگهێنترین چەکی کۆکوژی سەردەم و وێرانکردنی ژێربینای ئابوری و مەدەنییەکەی، بە عێراق دەستی پێکرد، بەلآم ئەگەر ئەم کوشتارو بەربەریەتە شەرماوەرەی دنیا لە ٢٠ رۆژی رابردودا شاهیدی بوو، تەنها دەتوانێ گۆشەیەك و سەرەتایەك بێت بۆ کوشتارو بەربەریەت و بێمافیەکی هەمەلایەنەتر بۆ دەورەیەکی درێژ، بۆیە لەچوارچێوەی ئاوا سێناریۆو هەرەشەیەکی فراواندا بۆ سەر بەشەریەتی ئەم گۆی زەویە، ئەگەر چەند صدام حسێنی تریش لەدەسەلآت بکەون، ناتوانێ دژی ئینسانی بونی ئەم ستراتیجیەتە ڕەشە، لەچاوی هیچ ئینسانێکی شەریف و ئازادیخوازو ئینسان دۆست بشارێتەوەو وەکو دەسکەوت بۆ خەڵکی مەحروم و ئازادیخواز تەماشا بکرێت.

تا ئەو جێگایەی بەدیاریکراوی بەوەزعیەتی ئێستای عێراق دەگەڕێتەوە. لە ملدالْدانی ئەم شەڕەی ئێستادا (کە دەسەلأتی ڕژێمی بەعسیشی تیاکەوت) ، شەڕێکی درێژ خایەنتر ڕووبەڕووی خەڵکی عێراق و ناوچەکەیە، شەڕی خەڵکی مەحرومی عێراق بۆ وەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئەو بەدیلەی ئەیانەوی لەسەروی ئیرادەی خەلکەوە دایبسەپێنن. بێگومان لە میانەی دەستپێکردنی شەڕێکی ئاوادا، چ لە لایەکەوە پاشماوەکانی هێزی بەعس و چ ناسیونالیزمی عەرەب بەگشتی و چ ڕێکخراوە ئیسلامیە تیرۆرستەکان بەتایبەتی دەیانەوێ بەشێوەیەکی دڕندانە (کردەوەی تیرۆرستی) بکەنە لایەنێکی بەرجەستەی ملمڵانی ێ خۆیان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بەمەبەستی دەست گیربونیان لەدەسەلأتی داهاتودا، ئەم لایەنە کۆنەپەرست ودژی ئینسانیانە بەگرتنەبەری ئاوا ڕێگایەك دەیانەوێ خەباتی خەڵکی مەحرومی عێراق چاوترسێن بکەن، وەکۆمەڵگای عێراق بگۆڕن بەسەر زەمینێك لەچەشنی فەلەستین.

خەڵکی مەحرومی عێراق، کە قوربانیانی سەرەکی سیاسەتی ئابلۆقەی ئابوری ١٢ ساڵەو قوربانیانی سەرەکی ئەم شەرە دژی ئینسانیەی ئێستان، وا ئێستاش هەموو لایەنە کۆنەپەرست ودژی ئینسانیەکان، بەئەمریکاو غەرب و ناسیونالیزمی عەرەب و کوردەوە، بە ڕێکخراو دەستەو تاقمە ئیسلامیەکانەوە، تەنانەت بەدەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە، دەیانەوێ دیسان خەباتی خەڵکی عێراق و ناوچەکە بەبارمتە بگرن و بەسەر لاشەی قوربانیانیاندا، سەرگوریسی دەسەلأتی سبەینێ پاوان بکەن. بەدیلی هەرکام لەولایەنانە دژی ئینسانیانە، بەئەندازەی ئەوجەنگەی خەڵکی لەخوێن هەڵکێشا، کۆمەڵگای کردە وێرانە، کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانین.

بەر لە هەموو شتێك بەدیلی ئەمریکا کە پێکهێنانی حکومەتی عەسکەری یە، بەدیلێکی دژی ئینسانیە، بەدیلی ئەمریکا بۆ ئایندەی عێراق بێگومان بەشێکە لە درێژەی ئەو شەڕە خوێناوی ودژی ئینسانیەی کە بەشەریەتی ئەم گۆی زەویە وەحشیگەریەکەیان بینی، شەڕێکە لە کوشتارو وێرانکردنەوە بۆ بێئیرادەکردن و دورخستنەوەیان لە دەخالەت و بریاردان لەسەر ئایندەیان.

داسەپاندنی دەسەلاتی عەسکەری بەسەر خەڵکی عێراقدا، گۆشەیەکی ترە لەو وەحشیگەریەی نەزمی نوێ بەدواوەیەتی، خەڵکی عیراق کە زیاتر لە ٣٠ی ساڵە ڕووبەڕوی دڕندەیی دەسەلاتی عەسکەرتاریەتی ڕژێمی قەومی عەرەبی بەعسی دەست پەروەردەکراوی ئەمریکاو غەربن، ، ئەمجارە لە جێگای صدام حسین، ڕوبەڕوی دەسەلاتی عەسکەری "جی گارنەر" و ژەنەراڵەکانی تر دەکرێن و هەرچی ئەمریکای دیموکراسی!! فەرموی بیٚ گوێدانە هیچ پرانسیبێکی باوی حکومەتە مەدەنیەکانی سەردەم و ئینسانیەت، و بێگوێدان بە خواستە سەرەتایەکانی خەڵکی، ئەنجامی بدەن.

دیارە دەسەلاتیکی ئاوا بەر لەهەموو شت پوچی ئیدعاکانی ئەمریکاو نەزمە شەرماوەرەکەی دەرئەخات بەرامبەر بەخەڵکی عێراق و ناوچەکەو دنیا، ئێستا هەراو هۆریای "سەرکەوتنی دنیای تەمەدون"ی نەزمی نوێ لە بیر کەس نەچۆتەوە، کە ئەمریکا بۆ وەفاداری خۆی بەو ئیدعایە دەسەلاتیکی عەسکەری دەکاتە دیاری بۆ خەڵکی عێراق. دیارە ئەمریکا ئەوەی ڕاگەیاندوە، کە ئەم حکومەت و دەسەلاتە کاتی یە، تا وەزع ئاسایی دەبێتەوە و پاشان تەسلیم بە خەڵکی عێراق دەکرێت!! (مەبەست لەخەڵکی عێراق لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بەکرێگیراوە یە کە چەپڵەیان بۆکوشتاری خەڵکی عێراق لێدا، مەبەستی وەفیق سامەرایی و خەزرەجی و چەلەبی و نۆکەرانی مجلس ئەعلی سەر بەئیران و ناسیونالیزمی کورد و تورکمانە) .

www.kurdistannet.org

له روانگەی هەر کەسێکی چاودێریشەوە ئەمە ڕۆشنە کە هەر دەسەلاتێکی سەر بەئەمریکا، لەگەڵ خۆیدا نەفرەتی ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی و ڕوحانیەکان و فتوادەرانیان لە دنیای عەرەبدا، هەڵدەگرێت و ڕووبەڕووبونەوەو کردەوەی چەکداری و کاری ئیرهابی پەرەپێدەدات. هاوکات پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس کە لەهەموو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراقی زیاتر هێزیان ماوەو خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی ڕەش و مێژویشن، وەکو بەشێکی سەرەکی لە هێزی ناسیونالیزمی عەرەب پێك دەهێنن وهاوکات دەبنە بەشێك لەم ئۆردوە ئینسان کوژەی ئیسلامی سیاسی، کە بونی ئەمانە و پێکدادانی لێرەو لەوی و کردەوەی تیرۆرستانە بە ناچار کۆمەڵگای عیراق و ناوچەکە ئەکاتە تایبەتمەندیەکی ئەم دەورەیە، هەرکام لەوانە بەسە بۆ ئەمریکاو بەریتانیا تا شەرعیەتی مانەوەی هێزەکانیان لە عێراق و ناوچەکە بهێلنەوەو دەسەلاتی عەسکەریش لە ماوەیەکی کاتیەوە (کە ئەمریکا ئیدعای ئەکات) درێژ بکرێتەوە بۆ ئایندەیکی نادیار.

دیارە خاڵی هاوبەشی ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی، کە زۆرتر خۆی لە دژی ئەمریکایدا دەبینێتەوە، لەکاتێکدایە کە تائێستا کێشەی خەڵکی فەلەستین چارە نەکراوە، و بەوهۆیەوە ئەمانە نانی سیاسی کوشتارو مەحرومیەتی خەڵکی فەلەستین ئەخۆن، بێگومان بە مانەوەی سوپاو هێزو بەدیلە عەسکەریەکەی ئەمریکا بۆ ئیدارەی عێراق، ئەوەندەی تر هێزیان پێدەبەخشێت و دور نیە کۆمەڵگای عێراق نەبێتە سەرزەمینی دووەمی وەحشیگەری و تیرۆر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

دیارە هاوکات لەگەڵ ئەمانە، خەڵکی عێراقیش دژی مانەوەی سوپای ئەمریکاو بەریتانیان، ئەو سوپاوهێزەی کە بەسەدان کەس لە ئازیزانی ئەم خەڵکەی کەلە پاچەو کەم ئەندام کردوە، وەدژی دەسەلاتی عەسکەریەکی ترن لە جێگای دەسەلاتی عەسکەرتاریەتی بەعس، وە خوازیاری ژیانێکی ئینسانین، کە ئازادی وژیان وگوزەرانی تەسەل بگریتە خۆی، ئەم خواستەی خەڵك نە لەگەڵ دەسەلاتی عەسکەری ئەمریکاو بەریتانیا دیتەوە نەلەگەڵ بەرنامەو سیاسەتی ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسیدا. کەواتە واقعەن ئەم دەورەیەی ئێستاو داهاتو دەورەی شەڕێکی هەمەلایەنەی نێوان ئەم خەڵکە ئازدیخوازەو لایەنەپێشکەوتنخوازەکانی عیراقە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکانی ئەمریکاو بەریتانیاو حکومەتە ناشەرعیەکەی لە لایەك و لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی و پۆزیسیۆنەکانیان لەلایەکی تر. دیارە سەرباری ئەو ناکۆکیەی نێوان خواستی خەڵك و ئەو لایەنانە، هەرکام لەو لایەنانە دەیانەوێ خەڵکی عێراق بکەنە زەخیرەی ململانێکانی نێوان خۆیان.

خەڵکی عێراق و هەر کەس و لایەنێك ئەگەر ئیدعای ئازادیخوازی و خۆشبەختی ئەکات، دەبی لەبەرامبەر ئەم وەزعیەتەو پەردەی دوەمی ئەم سیناریۆ ڕەشەی بەرێوەیە، بوەستنەوە، دەبێ خواستی چونە دەرەوەی دەست بەجێ ی هێزەگانی ئەمریکاو بەریتانیا، قەرەبوی زیانەکانی خەلکی عیراق، دادگای کردنی بۆش و بلیر وەکو تاوانبارانی جەنگ و کوشتار، لەدژی حکومەتی عەسکەری موەقەت و هەر بەدیلیکی سەرو خەلکی تر، لابردنی دەست بەجی و بیقەیدو شەرتی ئابلۆقەی ئابوری، ئازادی بی قەیدو شەرتی سیاسی، جیای دین لە دەولەت و خویندن وپەروەردەو دادگاو یاساکان، یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان لەگەل پیاوان. . . . بەرزبکەنەوە، وەلەدژی هەموو ئەو لایەن و کۆنەپەرستە قەومی و دینیانەی لەدژیر ناوی دژی ئەمریکایدا دەیانەوی تیرۆرو ترساندن و نائەمنی بەسەر کۆمەلگادا بسەپینن، وە لەدژی دەستیوەردانی وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و ئۆپۆزیسیۆنی گۆی لەمستی ئەمریکا بێنە مەیدان. هاوکات دەبی بەرەی متمەدینی عێراق کە خوازیاری ژیانیکی ئازادو تەسەلن، هەر لە ئیستاوە لەدەوری سیاسەت وبەرنامەی حزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق کۆببنەوە و هەرشوینێك هەن دەبێ فرسەت بقۆزنەوەو دەست ببەن بۆ ئیبتکاراتی شۆرشگێرانەی وەك، پێکهێنانی شوراکانی

**کارگەو گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکان و هەلبژاردنی نوینەرانیان لە کۆبونەوەی گشتی و ئازادانەدا هەڵگرتنی مەسئولیەتی پاراستنی ئەمنیەت و ئارامی خەڵکی و بەسەرکردنەوەی خیزانی گیانبختکردوانی ئەم جەنگەو سەردانی نەخۆشخانەکان وبریندارەکانیان، وەپاراستنی ئەموالی دامەزراوە خدەمی و صحی و تەرفهی و کارگەو شەبەکەکانی ئاو کارەباو. . . . تاد، لەوەش واوەتر پاراستنیان لە دەست بەسەراگرتن و تێکدان، دەستبرن بۆ مسادەرەی ئەموالی رژیم و کاربەدەستانی و بە تایبەتیش دەستگرتن وەکۆنترۆل کردنی مەخزەنەکانی موادی خۆراکی و دابەش کردنی بەشێوەیەکی عادلانەو یەکسان بەسەر خەڵکی نەدارو کەم دەرامەتدا، وسەرئەنجام دەبیٚ دابەش کردنی داهاتی نەوت بەرامبەر بەخۆراکیش لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە بەڕێوە بچێت، هاوکات بەدەستەوەگرتنی بەرێوەبردنی ئیدارەی ناوەندەکان کارگەو گەرەکەکان و شارەکان و نیشاندانی ئەلگۆی شۆرشگیرانە و بدیلی ئینسانی، ئەمانە بەشیك لەو رێگاو ئیبتکاراتە عەزیمانەن، کە دەتوانیٚ ئاسۆیەکی پرشنگدارو ئایندەیەکی تر بخاتە بەردەم کۆمەڵگای عیراق و خەباتی جەماوەری مەحرومی عێراقیش بە ئاسۆیەکی ئینسانیەوە، جۆش بدات.**

**ئەم شێوەیە لە دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵك بۆ بریاردان لە سەر چارەنوسی خۆیان لە سەر ئاستی مەحەلی و سەراسەریداو پێکهێنانی شوراکان، چ بۆ دەستەبەرکردنی داخوازیە ڕۆژانەیەکان و چ بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا، وە چ بەوێنەی قانون دانەرو چ وەکو بەرێوەبەری قانون. . . . و تادناوکۆکەی ئەو بەدیلی کۆماری سۆسیالستی یەیە، کە حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عیراق بەرزی کردۆتەوە بێگومانیش لەڕیزی پێشەوەی جەماوەری عێراقدا بۆ جیگیرکردنی تێدەکۆشیت.**

**بزوتنەوی دژی شەرو نەزمی نویٚ، کە بزوتنەوەیەکی عەزیمی جەماوەری ئەم سەردەمەیە، بێگومان دێتە پشت خواستی پێشکەوتوانەو ئینسانی خەڵکی مەحرومی عیراق، ئەم بزوتنەوەیە کە پایە ئەسلیەکەی گەرانی ئینسانەکانی دوای شکستی بلۆکی شەرقە بەدوای ئازادی وبەرابەری و خۆشبەختیدا، ئۆردویەکی مەزنی پشتیوانی سبەینی خواستی خەڵکی عیراق دەبێت، و تاکە هێزی ئومید بەخشی تری جیهانیە بۆ پشتوانی لە بزوتنەوە رادیکال و ئینسانیەکانی ئەم سەردەمە.**

**٢٠٠٣/٤/١١**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣